# ڕاپەڕیتین

شیعری حەمەکاکە ڕەش



بەئەمەک بووین بە ئەمەک
وتمان ئەی بەندیخانە
ئەتکەینە جێگای گوڵ وڕەیحانە
ڕاپەڕیتین بەئەمەک بووین بە ئەمەک
بێکەس وتی داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ
قەت بەر ناگرێ
ڕاپەڕیتین داری ئازادیمان شەڵاڵی خوێن کرد
بێکەس وتی خوایە وەتەن ئاواکەی
ڕاپەڕیتین وتمان خوایە وەتەن و سەرکردەکانمان
لەکۆڵ کەرەوە
دوێنێ وتمان زەڕەیەک خاکی وەتەن
نادەین بەقەسری قەیسەری دڕۆمان کرد
ئای ڕاپەڕین هەزار وانەت فێرکردین
فێرت کردین کە پشیلەیەکی بەوەفاو
مرۆڤ دۆستێکی جەلاد بین
ئای ڕاپەڕین تۆ چەند خۆشی
ئای ڕاپەڕین تۆ چەند بۆشی
ئای ڕاپەڕین ئازادیمان ناسی
ئەملاو لای دیموکراسیمان ماچ کرد
ئای ڕاپەڕین ئازادی چەند خۆشەویستە
لە ئازادیا کەس کوشتنی پێ ناخۆش نییە
لە ئازادیا کەس وێرانکردنی لا ناشیرین نییە
چونکە ئازادین لەوەی کێ بکوژین دەیکوژین

**ئازادین لەوەی کویێ وێران کەین ،وێرانی ئەکەین**
**ئای نیشتیمان ئێستا تۆ**
**سێ مەملەکەتت هەیە**
**مەملەکەتێ لە ڕیش**
**مەملەکەتێ لە سترێج**
**مەملەکەتێ لە پۆستاڵ**
**ئای نیشتیمان چەن گوناهی**
**ڕۆژێک لە زەلکاوی ڕیشا ئەخنکێیت**
**ڕۆژێک لە دەرلینگی سترێجا تەنگە نەفەس ئەبیت و**
**ڕۆژێک بە بۆنی پۆستاڵ دەبووریێیتەوە**
**ئای نیشتیمان ئێستا لەسایەی ڕاپەڕیندا**
**تۆ پڕی لە عاشقی جەلاد و**
**پەپوولەی دڕندەو**
**فاسقی خواپەرست**
**ئای نیشتیمان ئێستا ڕاپەڕین**
**هەموو شتێکی هەیە**
**تەنها پێویستی بە ڕاپەڕینێکی ترە.**

تێبینی:ئەم شیعرە لە کتێبی پیاوێکی شکاودا بڵاوکراوەتەوە لە 2004دا.